# حزبی رزگاری چەند پێشنارێک بۆ سەرۆکایەتی هەرێم ڕەوانە دەکات

رۆژی ١٢-٤-٢٠١٥ مەکتەبی سیاسی حیزبی رزگاریی کوردستان لە نامەیەکی فەرمیدا چەند پێشنیارێکی بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ڕەوانەکرد، ئێمەش بە پێویستی دەزانین دەقی پێشنیارەکان بۆ خوێنەرانی خۆشەویست بگوازینەوە:

**بەڕێز/ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

سڵاوی رزگاری و سەرخۆبوون!

لە رۆژەڤی هەنووکەییدا بابەتی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بە گەرمی و بە چڕی قسەی لەسەر دەکرێ، بەهۆی ئەوەی کە شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بەیاسا رێکدەخرێ، ئێمەش نوێنەرمان لە پەرلەمانی کوردستاندا نیە، بەڵام لە پێوەند بە شێوازی کارەکانی سەرۆکی هەرێم بە پێویستی دەزانین کە پێشنیارەکانی خۆمان بۆ ئێوەی بەرێز ڕەوانە بکەین:

١-سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی هەموو خەڵکی کوردستانە، بۆ ئەوەی بەکردەوە بەرجەستە بێ، دەست لە پۆستی حزبی بکێشێتەوە و بەیەکچاو لە تەواوی هێزە سیاسیەکان بڕوانێ.

٢- نووسینگەی سەرۆکی هەرێم لە هەر پێنج پارێزگا (هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، دهۆک و هەڵەبجە)دا بکرێتەوە، هەروەها زۆر باشتریش دەبێ ئەگەر لە شارەکانی (زاخۆ، ئاکرێ، سۆران، رانیە و کەلار)دا نوێنەرایەتی هەبێ، تا لەو ڕێیەوە خەڵک خواست و گلەیی و پێشنیارەکانی خۆیان بە سەرۆکی هەرێم بگەیەنن.

٣- خودی سەرۆکی هەرێم. مانگانە رۆژێک لەو نووسینگانەدا دەوام بکات و چاودێری و سەرپەرشتی کارەکانی حکومەتی ناوچەیی بکات.

٤-بۆ ئەوەی سەرۆکی هەرێم لە جەماوەر دابڕاو نەبێ و لەنزیکەوە گوێی لە خواست و کێشەکانیان بێ، هەفتانە رۆژێک تەرخان بکرێ و دەرفەت بدرێ خەڵک سەردانی بکەن و چاویان پێیبکەوێ.

لەگەڵ رێزماندا

**مەکتەبی سیاسی**
**حزبی رزگاریی کوردستان**

# یەکی ئایار، ڕۆژی هاوپشتی کرێکار و ڕەنجدەرانی جیهان پیرۆز بێ

**کرێکاران، زەحمەتکێشان!**
**رەنجدەران و بەشمەینەتانی کوردستان!**

راستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە کرێکاران و رەنجدەرانی جیهان بە تێکۆشانی نەپسانەوەی خۆیان، بە ئاچڕەی ماندووبوونیان، بە رەنج و قوربانیدانی بەردەوامیان، رۆژی یەکی ئایاریان کردە رۆژی هاوپشتی چینی کرێکاران و زەحمەتکێشان، هەربەوهۆیەشەوە ئەمڕۆ لە سەرانسەری جیهاندا بە شکۆوە رێز لە خەبات و تێکۆشانیان دەگیرێ و یادی گیانبەختکردووانی کاروانەکەیان دەکرێتەوە، ئێمەش لە حیزبی رزگاریی کوردستاندا کە بۆ سەربەخۆیی نیشتمانی و گەیشتن بە یەکسانی و وەکهەڤی درێژە بە تێکۆشان دەدەین، رۆژی جیهانی هاوپشتی چینی کرێکارو رەنجدەران پیرۆز دەکەین و سڵاو لە تێکۆشەرانی بیروبازو دەکەین.

یەکی ئایار، رۆژی درەوشاوەی ئاسمانی تێکۆشانی کرێکاران و رەنجدەرانی جیهانە، خەبات و قوربانیدانی چەوساوانی کوردستانیش ئەستێرەیەکی داگیرساوەو ئاسمانەکەی ڕووناک کردۆتەوە، بەوهۆیەوە هاوهەنگی و پێوەندییێکی بەتین و لەپساننەهاتوو بەرجەستەبووە، چەوساوانی کوردستان سەرباری خەباتکردنیان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان و گەیشتن بە یەکسانی و وەکهەڤی، بەدرێژایی سەد ساڵی رابردوو لێبڕاوانە بۆ رزگاری نەتەوەیی و سەربەخۆیی نیشتمانی تێکۆشاون، شانازی و سەربەرزیان تۆمار کردووە.

یەکی ئایار رۆژی هەڵسانەوە و ڕابوونەوەی چەوساوانە، بە هەوڵ و تێکۆشانی خوێناوی، بە هێزی هزری مرۆڤدۆستانەوە وەبەرهەم هاتووە، خەباتی کرێکار و رەنجدەران بۆ سڕینەوەو بنبڕکردنی چەوسانەوە درێژەی هەیە، هەربۆیە رژێمە دیکتاتۆر، زۆردار و خۆسەپێنەرەکان هەترەشیان لە خرۆشانی یەکی ئایار چووە، هەوڵی قەدەغەکردنیان داوە، کۆسپ و تەگەرەیان لە بەردەم کاروانی خەباتی چەوساوان دروست کردووە، بەڵام خۆشبەختانە تێکۆشان و بەرخۆدان دژ بە دیکتاتۆرو چەوسێنەرو زۆرداران بەردەوامی هەیە. وێڕای ئەوانەشەوە جێی داخبارییە کە ئەمجارەشیان یەکی ئایار لە کاتێکدا دێتەوە کە هێشتا ملیۆنان مرۆڤ لە چێژی ژیان بێبەشکراون، سک هەڵدەگوشن و بەبرسیێتی سەردەنێنتەوە، هێشتا بە ملیۆنان مرۆڤ خەون بە بژێوی رۆژانەوە دەبینن و لەبێدایدا دەتلێنەوە، هێشتا بێکاری مۆتەکەیەو زۆرینەی جیهانی داپۆشیوە.

یەکی ئایار لە کاتێکدا دێتەوە کە جەماوەری ستەمدیدەی کوردستان ڕووبەڕووی رەوشێکی ئابووری سەخت و دژوار بوونەتەوە، هەژاری و نەبوونی بەربینگی لە بنەماڵە کەمدەرامەت و بێکارەکان گرتووە، وێڕای ئەوانەشەوە هەرەشەو پەلامارەکانی چەتەکانی داعش بۆ سەر کوردستان مەترسی لەسەر تێکڕای خەڵک دروست کردووە، ئەو رەوشەش وا دەخوازێ کە خەبات و تێکۆشانی کرێکارو رەنجدەرو ستەمدیدەو چەوساوان جۆش وخرۆشێکی نوێ پێبدرێ، بەیەکرێزی پارێزگاری لە کوردستان بکرێ و بەرەو رووخاندنی کۆشکی ستەم و زۆرداری هەنگاو هەڵبگرێتەوە، یەکسانی و وەکهەڤی بەدیاری بهێنێ. هەروەها کاتی ئەوەیە کە کرێکار و رەنجدەران و چەوساوانی گەلەکەمان، هەمووان بە یەک ئاراستە و بەیەک دروشم و بۆ یەک ئامانج بڕژێنە سەرشەقامەکان، هەم نەفرەت لە تیرۆریستان و داعشی بیرتاریک بکەن، هەمیش راشکاوانە ئاوازی ئازادی، یەکسانی و ئاشتەوایی بە دەنگی بەرز بڵێنەوە، بەیەک دەنگ، هەموو ئەوانە ریسوا بکەن کە قوتی خەڵک هەڵدەلوشن و جەماوەر لە برسیێتی و چاوەڕوانی رادەگرن.

**پیرۆز بێ یەکی ئایار، رۆژی هاوپشتی کرێکار و رەنجدەران .**
**شەکاوەبێ خەبات لەپێناو یەکسانی و وەکهەڤی.**
**ریسوایی و شەرمەزاری بۆ زۆردارو چەوسێنەران.**

**مەکتەبی سیاسی**
**حیزبی رزگاریی کوردستان**

# مەکتەبی سیاسی پیرۆزبایی لە پارتی سەربەخۆیی کوردستان دەکات

دوای بڵاوبوونەوەی راگەیاندراوی یەکگرتنی پارتی سەربەخۆیی کوردستان و پارتی سەربەستی رۆژهەڵاتی کوردستان، مەکتەبی سیاسی حیزبمان، حیزبی رزگاریی کوردستان، لە پەیامێکدا ئەو هەنگاوەی پیرۆزکردو هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن، ئەمەش دەقی ئەو پەیامەیە کە مەکتەبی سیاسی بۆ پارتی سەربەخۆیی کوردستان ناردوویەتی:

**بەڕێز پارتی سەربەخۆیی کوردستان**

سڵاوی رزگاری و سەرخۆبوون!

بە خۆشحاڵیەوە هەواڵی یەکگرتنی هەردوو پارتی سەربەخۆیی کوردستان و پارتی سەربەستی رۆژهەڵاتی کوردستانمان بیست، لەو پێوەندەدا بە ناوی خۆمان و لە جیاتی هەڤاڵانمان لە حزبی رزگاریی کوردستان وێڕای دەستخۆشی، لە ناخەوە پیرۆزباییتان لێدەکەین و هیوای سەرفرازی و پێشکەوتنتان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

بەڕێزان! هەواڵی یەکگرتنی دوو رێکخراوی سەربەخۆخوازی کوردستان، دڵخۆشکەرو هیوابەخش بوو، چونکە کوردستانیان بە پەرۆشەوە لە رەوشی نیشتمان دەڕوانن و خوازیارن کە هەموو هێزە هاوڕامانەکان بەرەو یەکبوون و یەکخستنی ریزەکانیان هەنگاو هەڵبگرنەوە، چونکە بەیەکبوونی هێزەکانی کوردستان هەم دڵنیایی وەبەرهەم دێ و هاوێری و پەرتەوازەیی کۆتا دەبێ، هەمیش رێی گەیشتن بە ئامانجەکان کورتتر دەبێتەوە، هیواخوازین ئەمە سەرەتای هەنگاو و پرۆسەیەکی بەرفراوانتر بێ، لە داهاتوودا مژدەی یەکبوونی سەرجەم هێزە سەربەخۆخوازەکان بە گەلەکەمان بدرێ.

سڵاوو پیرۆزبایی خۆمان دووپات دەکەینەوە.

**مەکتەبی سیاسی**
**حزبی رزگاریی کوردستان**
**٢٠١٥-٥-٥**

# ناوەندی سێکۆلار کۆڕێک ساز دەکات



کاتژمێر ١٦ی رۆژی ٥-٥-٢٠١٥ لە هۆڵی هۆتێل چوار چرای شاری هەولێر، ناوەندی سێکۆلاری کوردستان کۆڕێکی ساز کرد کە تێیدا سەبارەت بە چۆنێتی دامەزراندنی ناوەندەکەو ئامانجەکانی قسەو باسکرا. سەرەتا بەرێز کاک فەتاح زاخۆڵی میوانەکانی بەخێرهێناو کورتەباسێکی سەبارەت بە راگەیاندراوی نێوەندی سێکۆلار پێشکەش کرد و رایگەیاند کە ئەوان هاتوون تا لە نزیکەوە گوێ لە سەرنج و پێشنیارو رامانی ئامادەبووان بگرن. هەروەها گوتی کە نێوەندەکە لە دوو بۆرد پێکهاتووە، یەکیان لە لە ناوەخۆی وڵات و ئەوی دیکەش لە دەرەوەیە. ئاشکراشی کرد کە ئێستا ماڵپەریان لە تۆری ئینتەرنێتدا هەیەو لەسەر فەیسبووک و تویتەردا چالاکن.

دواتر بەڕێز دکتۆ سالار باسیرە سەبارەت بە سێکۆلاریزم و شێوازی کارکردنی کە خواستی هاوێرکردنی دین لە دەوڵەتە گوتی: دەوڵەت دەبێ قانونی بێ و دەستووری هەبێ، پێویستە ئازادیەکان بپارێزێ، دەبێ سیستەمی پەروەردە گۆڕانکاری تێدا بکرێ و تەندروست بکرێ.

پاشان بەڕێز فوئادی مەجید میسری قسەیکردو گوتی: دەبێ دژی بەئاییینکردنی کۆمەڵکە رابوەستین، بەڵام مرۆڤەکان ئازادن کە سەر بە چ ئایین و ئایینزایەک دەبن،کەچی بەئاینکردنی کۆمەڵگە لەلایەن هێزی سیاسیەوە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دروست دەکەن. هەروەها دەستخۆشی لە حکومەتی هەرێم کرد کە خوێندنی حوجرەکانی قەغەکراوەو بڕیاری داوە فێرگە ئایینیەکان بۆ سەر وەزارەتی پەروەردە بگوازرێنەوە.

پاشان ئامادەبووان را، سەرنج و تێبینیەکانی خۆیان خستە روو، هەمووان هاوڕابوون کە لە رابردوودا حکومەت و حیزبە دەستەڵاتدارەکان کەمتەرخەم بوونەو زەمینەیان بۆ رەوتی ئیسلامی سیاسی خۆشکردووە، بەوهۆیەشەوە هەندێ لایەن برەویان بەپەروەرەی توندوتیژی داوە، بۆیە ژمارەیەک چونەتە ناو داعش.

# دوای ١٧ ساڵ لە راوەستانی شەڕی نێوەخۆ، مەرگی بێسەروشوێنکراون رادەگەیەندرێ

بە گوێرەی سەرچاوەیەک لە پەرلەمانی کوردستان، وەزارەتی ناوەخۆ سەبارەت بە چارەنووسی بێسەروشوێنکراوانی سەردەمی شەڕی نێوەخۆ بە نووسراوێکی فەرمی زانیاری بە سەرۆکایەتی پەرلەمان داوەو رایگەیاندووە کە ئەوان لە ژیاندا نەماون و کوژراون.

دوای نزیکەی ١٧ ساڵ لە راوەستانی شەڕی نێوەخۆی باشووری کوردستان ئەمە یەکەمین جارە کە لایەنێکی بەرپرس لە حکومەتی هەرێم مەرگی بێسەروشوێنکراون رابگەیەنێ.

شەڕی نێوەخۆ لە ساڵی ١٩٩٤ دەستی پێکردو تا ساڵی ١٩٩٨ بەردەوام بوو، لەو ماوەیەدا ژمارەیەک ئەندام و لایەنگری لایەنە بەشەڕهاتووەکان دەستگیرکران و بێسەروشوێنکران. تەنانەت ژمارەیەک لەوان لەنێو ماڵەکانی خۆیاندا قۆڵبەست کرابوون و رفێندرابوون، هەندێکی دیکەشیان ئارەزوومەندا خۆیان رادەستی لایەنی بەرانبەر کردبوو، بەڵام چارەنووسی هەر هەموویان تا ئێستا بە نادیاری مابۆوە و بنەماڵەکانیشیان بە دوایاندا دەگەڕان و سۆراغیان دەکردن.

بەدرێژایی ساڵانی رابردوو بنەماڵەی بێسەروشوێنکراوەکانی شەڕی نێوەخۆ چەندین جارو بە چەندی شێوە داوای ئاشکراکردنی چارەنووسی خۆشەویستانی خۆیان کردبوو، کەچی هەمیشە بێوەڵام دەمانەوە، ئەمجارەشیان لەسەر پێداگری بنەماڵەی قوربانیەکان و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و بۆ کۆتاییهێنان بە پەروەندەی بێسەروشوێنکراوەکان، وەزارەتی ناوەخۆ بە فەرمی کوژران و نەمانی ئەوانەی راگەیاندووە، بەڵام کێشەکە بەوە کۆتایی نایەت، چونکە بنەماڵەی قوربانیان داوای تەرمی قوربانیەکان دەکەنەوە، هەروەها داوا دەکەن کە بکوژەکانیش بناسرێن و رادەستی دادگە بکرێن و سزا بدرێن.

پەروەندەی بێسەروشوێنکراوانی شەڕی نێوەخۆ بە راگەیاندنی مەرگیان یەکلایی نابێتەوە، چونکە بنەماڵەکانیان خواستی دیکەیان دەبێ و هەنگاوی دیکەی بەدوا دادێ ئەمەش بەزیانی دەستەڵاتداران تەواو دەبێ.